# هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا

**سیروان حمەرشید سعید، دەریا جمال حویز**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** هایکو ناودارترین شیعری ژاپۆنییە، لە حەڤدە بڕگە پێکهاتووە، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە هەڵقوڵاوی زمان و کلتوری ژاپۆنییە، بەڵام ئەمڕۆ هایکو بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، لەسەر ئاستی جماندا بەناوبانگترین شیعرە، هایکونووسان لە دەرەوەی ژاپۆن، ئەم فۆڕمە شیعرییەیان لەگەڵ زمان و کلتوری خۆیاندا گونجاندووە و پابەند نین بە مەرجە کلاسیکییەکانی هایکوی ژاپۆنی، سەرهەڵدانی هایکو لە ئەدەبی کوردیدا، لەچاو گەلانی دیکەدا، مێژوویەکی کۆنی نییە و ماوەی چەند ساڵێکە دەرکەوتووە، بەڵام توانیویەتی لەناو ئەدەبی کوردیدا، جێگەی خۆی بکاتەوە و شاعیران و هایکونووسان لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردیدا گونجاندوویانە، بەجۆرێک چەندین دەقی باڵایان بەرهەم هێناوە، کە ڕەنگدانەوەی زمان و سروشت و کلتوری کۆمەڵگەی کوردییە، هایکونووسانی کورد، بەتەواوی پابەندنین بە یاسا نەریتییەکانی هایکوی کلاسیکیی ژاپۆنی، لە هەمان کاتدا، توانیویانە کرۆکی هایکو بپارێزن، بۆ نمونە: سێ دێڕ، ساتەکی، وێنە، چڕی، بڕین، سەرسوڕمان. هایکوی کوردی لەڕووی بنیاتی هزری و هونەرییەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هزری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتانەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە هایکوی کوردیی کرمانجیی ناوەڕاستدا ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک بە سەرنجدان لە بەرهەمی هایکونووسانی کورد، دەتوانین چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، بۆ نمونە: هەژاری، ژن، دایک، کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە، ڕەخنەگرتن لە هەندی دیاردەی کۆمەڵایەتی.

**کلیلە ووشەکان-** هایکو، هایکوی کوردی، هایکونووس، تایبەتمەندیی هایکوی کوردی، هزری کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا)یە.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** هایکو لە شیعری کوردیدا فۆڕمێکی نوێیە و لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە، هەروەها هزری کۆمەڵایەتیی بەشێوەیەکی فراوان لە هایکوی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری توێژیەوەکە لە چوارچێوەی زاری (کوردیی ناوەڕاست)دایە و ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە هزری کۆمەڵایەتی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا (ڕێبازی وەسفی شیکاری)مان پەیڕەو کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دیاریکردنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەیە، کە لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا ڕەنگیانداوەتەوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** کەمی توێژینەوە لە بارەی هایکو بە زمانی کوردی، بەجۆرێک هێشتا لە زانکۆکانی کوردستان، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی ئەم فۆڕمە شیعرییەوە نەکراوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە بەمشێوەیە: بەشی یەکەم، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم، چەمک و پێناسەی هایکو، تەوەری دووەم، سەرهەڵدان و تایبەتمەندیی هایکوی کوردی، بەشی دووەم، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم، چەمک و پێناسەی هزری کۆمەڵایەتی، تەوەری دووەم، هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:
## چەمک، زاراوە، پێناسە و تایبەتمەندیی هایکو

### ١_١: چەمک و زاراوە و پێناسەی هایکو:

### ١_١_١: چەمک و زاراوەی هایکو:

دیارە هایکو بەناوبانگترین ژانری شیعری ژاپۆنییە، بۆیە بۆ ئەوەی بەوردی لە چەمک و زاراوەی هایکو تێبگەین، پێویستە لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیدا کە زمان و ئەدەبی ژاپۆنییە، بەدوای ڕیشەی زاراوەکەدا بگەڕێین. سەدان ساڵ لەمەوبەر لە ژاپۆن لە ئەنجامی پێشبڕکێی شیعردا، کۆپلە شیعرێک پەرەی سەند، کە بە هۆککو (بەیتی دەسپێک) ناسراوە، یان هایکو (بەیتی یاریکردن)، نمونەی ئەم کۆپلانە ناودەبرێت بە هایکای (یاریی گونجاو)، بەڵام ئێستا هایکو بەشێوەیەکی گشتگیر بۆ فۆڕمێکی سادەی شیعر بەکار دەهێنرێت، لە حەڤدە بزوێن پێکدێت, کە دابەش بووە بەسەر سێ دێڕدا، دێڕی یەکەم: پێنج بزوێن، دێڕی دووەم: حەوت بزوێن، دێڕی سێیەم: پێنج بزوێن، (Buchanan, 1976, 7)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم فۆڕمە شیعرییە لە ئەنجامی پێشبڕکێی شیعردا سەریهەڵداوە، بۆیە هەم وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی و هەم لەڕووی چەمک و زاراوەشەوە لە جۆرێکی پێش خۆیەوە پەرەی سەندووە و دواتر بووەتە جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆ.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp9-19

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 10 نيسان 2025؛ قُبل في 18 آيار 2025؛ نُشرت في 21 ايلول 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: darya.jamal@koyauniversity.org, sirwan.rashid199096@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2025 سیروان حمەرشید سعید، دەریا جمال حویز. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

((لەسەرەتای سەدەی ١٨ و لەدوای جیابوونەوەکەی لە تانکا و ڕینگا؛ هایکو چ وەک چەمک و چ وەک زاراوەش تێگە و واتای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتووە، ئەوەش وەک کودەتایەک دێت بەسەر چەقبەستووی و کۆنخوازیدا، بۆیە زایەقەی ئەدەبی و نوێخوازی توانی ئەو بەربەستە نەریتییەی شیعر بشکێنێ و هوککو بگۆڕێ بۆ هایکو و ببێتە خاوەن خەسڵەت و مەرج و تایبەتمەندیی خۆی لە جیهاندا؛ وەک زاراوەیەکی جێگیر ببینێتەوە)) (ئەحمەد(ا)، ٢٠١٨، ١١) زاراوە و چەمکی هایکو، شتێک نییە کە لە خۆوە پەیدا بوو بێت، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دیاردە ئەدەبییەکانی پێش خۆی، بێگومان زاراوەکەش هەر لە زاراوەی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دواتر وەکو زاراوە و چەمکێکی سەربەخۆ لە مەیدانی ئەدەبیدا ڕەگی خۆی داکوتاوە.

هایکو شیعرێکی ژاپۆنییە، ڕەگوڕیشەی لە مێژووی شارستانییەتی ژاپۆندایە، سەبارەت بە زاراوەی هایکو، محەمەد عوزەیمە دەڵێت: زاراوەی هایکو لە هەر دوو زاراوەی (های) کە یەکێک لە واتا سەرەتاییەکانی بریتییە لە خۆشی و چێژ یان پێکەنین، بۆ گۆڕینی سیمای دەرەوە و سەرقاڵکردنی کەسانی دیکە، هەروەها دەستەواژەی (کۆ) بە واتای بێژەکردنی وشەیەک یان دەستەواژەیەک دێت، لەوەوە هەستێکی نوکتەیی جدی و مەزاجێکی کۆمیدی و بیانییەکی سەرگەرمی هەیە. (ئەحمەد،٢٠٢٢، ٣٨٨).

(هایکو (Haiku) کە سەرەتا پێی وتراوە هۆککو (Hokko) لە بنەڕەتدا فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە و لە دەستپێکی فۆرمی تانکا (Tanka) و ڕینگا (Renga) جیابووەتەوە، هۆککو (Hokko) کە بە واتای "شیعری دەستپێک" دێت، لە کۆندا دەستپێکی جۆرێک لە شیعری زنجیرەیی بووە، کە پێی دەوترا هایکای نۆڕینگا (Haikai no renga) و پاشان کرا بە هایکای (Haikai)، دوای ئەو چەند گۆڕانکارییەی بەسەر وشەکەدا هات، دواجار لە ساڵی ١٨٩٢ لە سەردەمی چاکسازی (میجی_میگی_Migi) لەسەر دەستی شاعیری ژاپۆنی (ماساوکا شیکی/ Masaoka shiki) (١٨٦٧_١٩٠٢) وشەکە بە هایکو (Haiku) چەسپاو جێگیر بوو، کە بە مانای "منداڵی خۆڵەمێش" دێت) (نۆڕێ، ٢٠١٩، ١٧).

سەبارەت بە واتای دەستەواژەی (منداڵی خۆڵەمێش) پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی دەستەواژەکە لە زمانی ژاپۆنیدا، (منداڵ) بە واتای دەرکەوتنی ژیانێکی نوێ و ئومێدێکی نوێ دێت، هەروەها (خۆڵەمێش) دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریتی چینییەکان کە لەدوای مردن جەستەی مرۆڤ دەسوتێنن، بەشێوەیەکی گشتی دەستەواژەکە بە واتای لە دایکبوون و ژیانەوە لە مردنەوە دێت. (الشوية و معطی الله و نصرات، ٢٠٢٣، ٦).

ئێستا زاراوە و چەمکی هایکو لە دنیای ئەدەب و مەیدانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا، پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی هایکو لە زمانە ئەورووپییەکان و زۆرێک لە زمانانی جیهاندا، ئێستا زاراوەی هایکو بۆ ئەو فۆرمە شیعرییە بەکاردەهێنرێت، کە لە حەڤدە بڕگە پێکهاتووە و دابەش بووە بەسەر سێ دێڕدا، (٥_٧_٥)، بەڵام ئەم ڕێسایە جگە لە زمانی ژاپۆنی، لە زمانەکانی دیکەدا بەتەواوی پەیڕەو ناکرێت.

سەبارەت بە زاراوەی هایکو لە زمانەکانی دیکەدا، بە هەمان شێوەی ژاپۆن زاراوەی (هایکو) بەکاردەهێنرێت، لەم بارەیەوە ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((هایکو (Haiku) وشەیەکی یابانییە، بە زمانانی ئینگلیزی، ڕوسی، بولگاری، سویدی، عەرەبی و فارسی ڕەنگە بە زمانانی تریش، بە هایکو دەنووسرێت و دەوترێت. کەچی لە کوردیدا، وەک دەیان وشەی تری بیانی، بە نادروستی بەکار دەهێنرێت و گۆڕاوە بە (هایکۆ).)) (سابیر، ٢٠٢٢، ١٢١)، بۆیە بە بڕوای ڕەفیق سابیر پێویستە لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانەکانی دیکە، زاراوەی هایکو بەکار بهێنرێت، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Haiku) دەنوسرێت و بە هایکو دەخوێنرێتەوە و لە زمانی عەرەبی و فارسیدا زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنرێت.

لە زمانی کوردیدا کاتێک لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە زاراوەکە هاتە ناو زمان و ئەدەبی کوردی، زاراوەی (هایکۆ) بەکار دەهات، بەڵام ئەم زاراوەیە هەڵەیە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زمانی ژاپۆنی و زمانەکانی دیکە، ئەوا زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، نەک (هایکۆ) بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەخێرایی دەڵێن (هایکو) و هەست بە بیستنی دەنگی یەک (و) دەکەین، بەڵام لە نووسیندا، (Haiku) دەنووسن، واتە کۆتایی بە پیتی (u) دەنووسن، ئەمەش دەکاتە (وو)ی زمانی کوردی، بەڵام لە خوێندنەوەدا تەنیا هەست بە دەنگی یەک (و) دەکرێت، بۆیە (یانەی هایکوی کوردی) زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٢٢). ئەگەرچی ئێستا یانەی هایکوی کوردی و هایکونووسانی باشوور، زاراوەی (هایکو) بەکار دەهێنن، بەڵام هایکونووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر زاراوەی (هایکۆ) بەکاردەهێنن، بۆیە بەپشتبەستن بەم بۆچوونانەی سەرەوە، پێیان وایە کە زاراوەی (هایکو) ڕاستە، لەبەر ئەوە لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی (هایکو) بەکاردەهێنین.

### ١_١_٢: پێناسەی هایکو:

ئەگەر بمانەوێت بەوردی هایکو بناسێنین، ئەوا پێویستە چەندین بیروبۆچوون و پێناسەی جیاواز بخەینەڕوو، چونکە تاکە پێناسەیەک ناتوانێت، سەرجەم تایبەتمەندییەکانی هایکو لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، ئەمەش لەلایەک بەهۆی ئەوەی هایکو وەکو فۆرمێکی شیعری یان ژانرێکی ئەدەبی چەندین واتا لە خۆیدا هەڵدەگرێت، لەلایەکی دیکەوە بەدرێژایی مێژوو و بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەر بنیات و پێکهاتەکەیدا هاتووە، هەروەها ئەم فۆرمە شیعرییە لە دەرەوەی ژاپۆن گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە هەر گەلێک، لەڕووی (زمان، فەرهەنگ، کلتور و ئاین...هتد)ەوە، خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بێگومان ئەدەبیش کە زادەی گەلە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە تێیدا ڕەنگدەدەنەوە، بۆیە کۆمەڵێک پێناسەی هایکو دەخەینە ڕوو، کە هەریەکەیان لایەنێک یان چەند لایەنێکی وەسف دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەرجەم پێناسەکان هایکو بەتەواوی بناسێنین.

هایکو، دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ژاپۆن، هایکو لە فۆرمێکی شیعری ترەوە پەیدا بووە و هاوبەشی کردووە تێیدا، پێی دەوترا (ڕینگا) واتە (شیعری زنجیرەیی)، کە فۆرمێکی زۆر کۆنترە لە هایکو و لەلایەن کۆمەڵێک شاعیرەوە دەنووسرا، بەشێوەی (٥_٧_٥_٧_٧) بزوێن، بۆیە ئەو شاعیرانەی کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی شیعریان دەنووسی تێبینی ئەوەیان کرد، دێڕی یەکەمی بزوێنەکان (٥_٧_٥) زۆرجار دەتوانن بە تەنیا بووەستن، بەڵام دێڕی بزوێنەکانی (٧_٧) لە کلتوری چێژ و سەلیقەی ژاپۆنیدا کەمتر سەرنجڕاکێش بوون، بۆیە لە دێڕەکانی (٥_٧_٥) هایکو لەدایک بوو. (Addiss, 2012, ?).

ئەم پێناسەیە لە دوولایەنەوە هایکو دەناسێنێت، یەکەمیان لایەنی مێژوویی، کە ئەو هایکویەی ئەمڕۆ لە جیهاندا دەنووسرێت، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ژاپۆن، هەروەها لەڕووی فورمەوە بەشێک بووە لە فۆرمێکی دیکەی شیعر، کە بە هاوبەشی لەلایەن کۆمەڵێک شاعیرەوە نووسراوە، هایکو لە دێڕی یەکەمی ئەم فۆرمەوە کە بریتی بووە لە (٥_٧_٥) لەدایکبووە و بووەتە فۆرمێکی سەربەخۆ.

هەروەها لە کتێبی (صوت الماء)دا بەم شێوەیە پێناسەی هایکو کراوە: فۆرمێکی شیعری ژاپۆنییە لە سێ دێڕ پێکهاتووە، دێڕی یەکەم: پێنج بزوێن، دێڕی دووەم:

حەوت بزوێن، دێڕی سێیەم: پێنج بزوێن، هەرچەندە لە زمانی ژاپۆنیدا لەسەر یەک دێڕ نووسراوە، بەڵام سێ یەکەی جیاوازە، سەبارەت بە هایکوی مۆدێرنی نێودەوڵەتی، زۆربەی لە سنورداركردنی بزوێنەكان دوورە، كە لە زمانی ژاپۆنیدا هەیە. (الصلهي، ١٤٣٧، ٩٦).

ئەم پێناسەیەی سەرەوە تەنیا لەڕووی فۆڕمەوە هایكوی ناساندووە، بەجۆرێک تەنیا باسی ژمارەی بڕگە و دێڕەكانی كردووە، بەبێ ئەوەی باسی پێكهاتەكانی دیكە و كرۆک و ناوەرۆكی فۆڕمەكە بكات، چونكە هایكو كۆمەڵێک پێكهاتە و تایبەتمەندیی دیكەی هەیە كە لە هەر فورمێكی دیكەی شیعری جیاوازن.

هایكوی ژاپۆنی یاسەیەكی فەرمیی هەیە دەبوو پێیەوە پابەند بێت، كە بە سیستەمی بزوێن پیشان دەدرێت، لە سێ دێڕ پێكهاتووە، یەكەم: پێنج بزوێن، دووەم: حەوت بزوێن و سێیەم: پێنج بزوێن، هەروەها وشەی ئاماژەدەر هەڵدەگرێت لەگەڵ وشەیەكی تر كە دوو ڕستەكە لە یەكتر جیا دەكاتەوە، هەروەها تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەكان لە شیعری هایكودا، ڕیتمی مۆسیقای نەریتی ژاپۆنی بیر دەخاتەوە. (بلعلي، ٢٠١٤، ١٤١)، ئەم پێناسەیە بە شێوەیەک باسی هایكوی كلاسیكیی ژاپۆنی دەكات، كە پەیڕەوی لە پێكهاتەیەكی دیاریكراو كردووە، كە بریتین لە: سێ دێڕ بەشێوەی (٥_٧_٥) بزوێن، وشەی ئاماژەدەر (كیگۆ)، كە مەبەست لەو وشانەیە كە ئاماژە بۆ وەرز دەكەن و وشەی دابەشكەر (كیریجی)، كە وەستانێک لەنێوان دوو بیرۆكەكەدا دروست دەكات، هەروەها هایكو لە زمانی ژاپۆنیدا خاوەنی ڕیتمێكی مۆسیقایە، كە پەیوەندی بە سروشتی زمان و فۆلكلۆری ژاپۆنییەوە هەیە.

هایكو شیعرێكە كە ئەزموونێكی دەروونی لە ڕێگەی تێڕامانێكی ڕۆحییەوە كورت دەكاتەوە، هەروەها ئەزموونێكی جوانیناسی و شیعرییە كە لەناو خۆیدا چڕبوونەوەیەكی زمانەوانیی بارگاوی بە قووڵترین واتا و وێنە هەڵگرتووە، لە پێكهاتەیەكی سێ بزوێنیدا، كە وێنەی جیهانی دەرەوە و واقیع ڕەنگ دەداتەوە لە ئەو كەسەی كە تێیدا دەژی. (نورة و اية، ٢٠٢٠، ٢٢)، ئەم پێناسەیەی سەرەوە تا ڕادەیەكی زۆر پێناسەیەكی گشتگیرە و لە زۆربەی لایەنەكانەوە باسی هایكوی كردووە، ئەزموونی دەروونی، تێڕامانی قووڵ، جوانیناسی، زمانی چڕ، پێكهاتەی بزوێن، ڕەنگدانەوەی وێنە، ئەم ژانرە ئەدەبییە ئەزموونێكی دەروونیی مرۆڤ، لە ڕێگەی تێڕامانی ڕۆحی جوانیناسییەوە، بەرجەستە دەكات، ڕەنگدانەوەی كارلێكی نێوان مرۆڤ و دەوروبەریەتی، بە بەكارهێنانی زمانێكی چڕ و وێنەی هونەری دەخرێتە ڕوو. هەروەها ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((هایكو ناودارترین شێوازی شیعری یابانییە و بە كورتترین جۆری شیعر لە دنیا دادەنرێت، چونكە تەنیا حەڤدە بڕگەیە، كە پێكەوە هۆنراوەیەكی سەربەخۆ پێک دەهێنن)) (سابیر، ٢٠٢٢، ٩).

هەر یەک لەو پێناسانەی سەرەوە، لایەنێک یان چەند لایەنێكی ئەم فۆڕمەیان خستووەتە ڕوو، چونكە ئەگەرچی هایكو شیعرێكی كورتە، بەڵام بنیات و پێكهاتەی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە پێناسەیەک نەتوانێت بەتەواوی ئەم چەمكە بناسێنێت، بۆیە بە وردبوونەوە لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: هایكو فۆڕمێكی شیعری ژاپۆنییە، لە حەڤدە بڕگە یان بزوێن پێک دێت، كە بەسەر سێ دێڕدا دابەشبوون، بە شێوەی (٥_٧_٥)، هایكو خاوەنی كۆمەڵێک تایبەتمەندییە، كە لەڕووی ڕوخسار و ناوڕۆكەوە دەقەكە تەواو دەكەن و لە ڕێگەی زمانێكی چڕەوە، وێنەیەكی هونەری دەنەخشێنێت، كە تێڕامانێكی دەروونی و جوانیناسی مرۆڤ بەرجەستە دەكات، ئێستا هایكو فۆڕمێكی شیعری جیهانییە، بەڵام گۆڕانكاری بەسەر پێكهاتەكەیدا هاتووە و خۆی لەگەڵ كلتور و زمانە جیاوازەكاندا گونجاندووە.

**١_٢: سەرهەڵدان و تایبەتمەندیی هایكو لە شیعری كوردیدا:**

**١_٢_١: مێژووی سەرهەڵدانی هایكو لە شیعری كوردیدا:**

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی كوردی، دەقی كورت و بچوكی شیعری بوونی هەبووە، لە ئەدەبی كۆن و كلاسیكیدا (تاک، چوارین، دووبەیت، پارچە) بوونی هەبووە و لە ئەدەبی هاوچەرخیشدا، كورتیلە شیعر بە شێوەیەكی فراوان بوونی هەبووە و زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەكار هاتووە، بەتایبەتی زاراوەی (پۆستەرە شیعر).

لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا چەندین زاراوە دەبینین كە بۆ ناسنامەی ئەو دەقە شیعرییانە بەكارهێنراون، كە لە فۆڕمێكی كورتدا داڕێژراون، هەموو زاراوەكان گوزارشت لەوە دەكەن, كە ئەو شیعرانە فۆڕمێكی كورت و بچوكیان هەیە، (شیعری پۆستەر، وردەواڵە، پارچە شیعر، كورتە شیعر، شیعری بچوک، پێكە شیعر، برووسكە شیعر، خونچە شیعر، ڕستەی شیعریی، كورتیلە شیعر، هۆنراوەی زۆر زۆر كورت، شیعرە مۆبایل، هایكۆ، دڵۆپە شیعر، فەریكە شیعر، هەناسە شیعر، گریانە شیعر، شیعری نانۆ) (محەمەد، ٢٠١٣، ٢٧_٢٨).

دەركەوتنی (هایكو) وەكو فۆڕمێكی شیعری سەربەخۆ، لەناو ئەدەبی كوردیدا، زۆر درەنگ كەوتووە، چونكە ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان و بەركەوتنی كلتوری لەگەڵ جیهانی دەرەوە، وەكو زۆر لایەنی دیكەی ڕۆشنبیری، بەشێوەیەكی فراوان و كاریگەر تاكو ساڵانێكی درەنگ، دەرنەكەوتوون، ئەمەش بە هۆكارگەلێكی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی...هتد، بەڵام هەر لەگەڵ كرانەوەی كوردستان بەڕووی جیهان و فراوانبوونی ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان، گەلی كوردیش زیاتر ئاگاداری ژیانی ڕۆشنبیری و كلتوری و ئەدەبی جیهانی بوو، ئەمەش هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە چوو، بۆیە بە بڕوای (بوشرا كەسنەزانی) شاعیران لەدوای ساڵانی نەوەدەكانەوە، كاریگەریی هایكویان لەسەر بووە، چونكە زۆرێک لە شاعیران چونەتە دەرەوە و دەرگای ئەدەبی جیهانیان بەڕوودا كراوەتەوە و لەڕێگای زمانی فارسی و ئینگلیزی و زمانە بیانییەكانەوە، زیاتر بە هایكو ئاشنا بوون، بۆیە پۆستەرە شیعری كوردی، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بە جۆرێک هەندێک جار لە هایكو نزیک بووەتەوە. (كەسنەزانی، ٢٠٠٧، ١٦_١٧).

لەتیف هەڵمەت، یەكەمین كەسە كە زاراوەی هایكوی هێناوەتە ناو ئەدەبی كوردییەوە، ئەوەش لە ڕێگەی وەرگێڕانی بابەتێكی ئەدەبیی نووسەر (كازم سەعدەدین) لە ژمارە دووی گۆڤاری (الثقافه الاجنبیة)ی ساڵی ١٩٨٢دا، دواتر لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاویكردووەتەوە. (نۆرێ، ٢٠١٩، ٣٧_٣٨).

هەر چەندە ئەم كارەی (لەتیف هەڵمەت) دەستپێشخەرییەكی گەورەیە و بۆ یەكەمین جارە زاراوەی هایكو بێتە ناو ئەدەبی كوردییەوە و هەوڵێكی بەنرخە، بەڵام تاكو ساڵانێكی دواتر، هیچ دەقێک لەژێر ناوی هایكودا نانووسرێت، بەڵكو ئەو دەقە كورتانەی شاعیران دەیاننووسن، لەژێر ناوی پۆستەرە شیعر و زاراوەكانی دیكەیە، پاشان ((لە كۆتایی نەوەدەكان و سەرەتای سەدەی بیست و یەكەم، لە گۆڤاری ((گەلاوێژی نوێ)) و بڵاوكراوە ئەدەبییەكانی تردا، ناوی هایكو جارێكی تر دیتەوە مەیدان و شاعیرە لاوەكان لە فارسەكانەوە زانیاریی نوێ سەبارەت بە هایكو وەردەگرن)) (ملكۆ ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ١١٤).

لە ساڵی ٢٠٠٥دا وەرگێڕ و نووسەر عیسا چیایی كتێبێكی گیرفانی بەناوی (لەژێر ئاسمانی شیعردا) بڵاوكردەوە، هەر وەكو خۆی ئاماژەی پێكردووە، هەڵبژێردراو و وەرگێڕراوی كۆمەڵێک شاعیرە، لەناو كتێبەكەدا، چەند هایكویەكی ژاپۆنی وەرگێڕاوە، بۆیە ناوی لێناوە (مشتێ هایكۆی ژاپۆنی) لێرە بەدواوە ئەو بەرهەمانەی لەبارەی

هایكووەوە چاپكراون تا دامەزراندنی یانەی هایكوی كوردی، لە ساڵی (٢٠١٧)دا بەم شێوەیەیە:

1. پۆستەرە شیعری كوردی و هایكۆی ژاپۆنی، بوشرا كەسنەزانی، كە لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكارییە و باسی دەرچوونی بەكالۆریۆسەكەیەتی، لە ساڵی ٢٠٠٧دا وەكو كتێب چاپی كردووە، ئەم كتێبە دەبێتە یەكەمین كتێب و لێكۆڵینەوە لەبارەی هایكو لە ئەدەبی كوردیدا
2. تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ، ٢٠٠٧ ، جەبار سابیر، لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بریتییە لە کۆمەڵێک هایکوی هەڵبژێردراوی هایکونووسانی ژاپۆن لەوانە، باسهۆ، شیکی، ئیسا...هتد
3. با با چیتر نەتانخوسێنێ، ٢٠٠٨، شەویار گوڵابی ئازەر، یەکەمین کتێبی شیعری هایکوی کوردییە.
4. خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، شیعر و هێڵ، ٢٠٠٨، ڕۆستەم ئاغالە و قوبادی جەلیزادە، قوبادی جەلیزادە لە کۆتایی ئەم کتێبەکەدا کۆمەڵێک هایکوی بڵاو کردووەتەوە بەناوی (هایکۆکانی قوباد).
5. ژ سێتافکێن دوهی و ئەڤرو، ٢٠١٠، شەماڵ ئاکرەیی
6. لە ساڵی ٢٠١٥دا، لەیلا ڕەزایی کتێبێکی سەبارەت بە هایکو بەناوی ( هایکو به زبان ساده)، بە زمانی فارسی بڵاوکردووەتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧دا، کتێبی هایکوکانی بەناوی (٨٠ هایکۆی حەوا)، چل هایکو بە زمانی کوردی و چل هایکو بە زمانی فارسی بڵاوکردووەتەوە. (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٣٥).
7. تریفەی مانگ لەسەر کلاشینکۆف، ٢٠١٧، سمایل عەزمی، هەشتا و حەوت هایکوی لە خۆگرتووە.
8. گوڵەستێرەی خەواڵۆ، ٢٠١٧، سمایل عەزمی، حەفتا هایکوی سیازدە هایکونووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆگرتووە، لەگەڵ پێشەکییەکی درێژ لەبارەی هایکو.
9. گۆرانی شینی ژنی چەڵتووکچن، هایکۆی کوردی، ٢٠١٧، عەتا وەلەدی، ٩٩ هایکوی لەخۆ گرتووە.
10. شوێنێک دەدۆزمەوە بۆ مەرگ، سانتۆکا تاندا، هەرمان وەتمانی، لە ساڵی ٢٠١٧دا، لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، کە لە کۆمەڵێک هایکو پێکهاتووە.
11. هایکۆکانی قوباد ,٢٠١٧، قوبادی جەلیزادە، ژمارەیەکی زۆر هایکوی تێدایە، لەگەڵ کۆمەڵێک شیعر،
12. ڕەفیق سابیر، ئەوینامە، ،٢٠١٧ لە هایکو و شیعر پێک دێت.
13. لە ساڵی ٢٠١٧دا، کتێبی کۆمەڵە شیعری (نیشتەجێی نیشتمانێکم...نەخۆشخانە)ی ڕۆژ هەڵبجەیی کە سی و یەک ناونیشانی شیعری کورت و درێژی تێدایە، لە دوو ناونیشانیاندا، ئاماژە بە وشەی هایکو کراوە، بە ناوی (پاشماوەکانی جەنگ لە مەراسیمی هایکۆوە) و ( چەپکێک هایکۆ) کە نۆزدە هایکوی تێدایە. (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٤٢).

لە مانگی یازدەی ساڵی (٢٠١٧)دا، (یانەی هایکوی کوردی) لەسەر دەستی (ملکۆ ئەحمەد) دامەزرێنرا، لەبارەی دامەزراندنی یانەکەوە، (ملکۆ ئەحمەد) باسی سەرەتاکانی دامەزراندنی یانەکە دەکات، کە چۆن لە ماوەی مانگێکدا، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی دیار و لاو، لە هەر دوو ڕەگەز پەیوەندییان بە یانەکەوە کردووە، شاعیری ناوداری کورد، (قوبادی جەلیزادە) هەروەها (دکتۆر زانیار فایەق) دەقەکانیان بۆ یانەکە ناردووە، لە هەفتەی یەکەمدا (سەردار نۆڕێ) وەکو بەڕێوەبەری یانە، بووە ئەدمینی پەیجی یانەکە، دوای بڵاوبوونەوەی یانەکە بە هەموو دنیادا، پۆلێک شاعیری لاو، لەناوە و دەرەوەی کوردستان، وەکو ئەندام دێنە ناو یانەکەوە، دامەزرێنەری یانەی هایکوی کوردی، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: لەسەرەتادا کەسانێکی زۆر بوون بە بەرهەڵستکار و هێرشیان دەکردە سەر یانەکە و هایکونووسان، ئەمەش بە تۆمەتی لادان لە نەریتی شیعری و گەنجینەی شیعری ئەم هەنگاوەیان پێ هەرس نەدەکرا، هەروەها هەندێکی تر بەهۆی کەمی زانیاریان لەبارەی هایکو، نووسینی (هایکوی ئازاد)یان لەلا هەڵەبوو. (ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ١١٦).

ئیتر لێرە بەدواوە زانیاریی باش دەگاتە دەست خوێنەران و شاعیرانی کورد، دامەزراندنی ئەم یانەیە، جۆرێک بوو لە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، کە بۆ یەکەمجارە کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیبی کورد، لە باشووری کوردستان، سەبارەت بە هایکو لە گروپێکی ئەدەبیدا کۆبنەوە، کە پاشخان و زانیارییەکی باشیان لەبارەی هایکووەوە هەیە.

هەر بۆیە بەرهەمی ئەم هەوڵانەی یانەی هایکوی کوردی لەدایک دەبن و (ملکۆ ئەحەمد) لە ساڵی ٢٠١٨دا، کتێبی (هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان) بڵاو دەکاتەوە، یەکەمین کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا کە بەشێوەیەکی زانستیی ورد باسی گشت لایەنەکانی هایکوی کردووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩دا، (سەردار نۆڕێ)کتێبی دیوانی هایکوکانی بەناوی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) بڵاودەکاتەوە، سەرەتای کتێبەکە لە باسێکی درێژ پێکدێ سەبارەت بە هایکو، هەروەها دیوانەکە (٦٠٠) هایکو لەخۆ دەگرێت، جگە لەم دوو بەرهەمە، دواتر کۆمەڵێک دیوانی هایکو بڵاودەکرێنەوە، کە ئەمجارە دیوانەکان بەتەواوی لە هایکو پێکهاتوون و هایکونووسەکان شارەزای تەکنیک و مەرج و تایبەتمەندییکانی هایکو بوون.

### ١-٢-٢: تایبەتمەندییەکانی هایکوی کوردی:

دیارە ئەمڕۆ کە باسی هایکو دەکرێت لە دەرەوەی ژاپۆن و لە سەرانسەری جیهاندا، باسی هایکوی هاوچەرخ و ئازادە، نەک هایکوی سەد ساڵ لەمەو پێش، چونکە هایکو لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ((قوتابخانە نوێیەکانی هایکوی وەکو: چینکو هایکو و جیندای هایکو دەستیان لە هەندێک لەو مەرجانە هەڵگرتووە بەتایبەت دیمەنی سروشت و کیریجی و بڕگەبەندیی، ئینجا هایکونووسانی دیکە لە دەرەوەی ژاپۆن سەربەخۆیانە ڕوویان کردە نووسینی هایکوی هاوچەرخ و نوێ کە تارادەیەکی زۆر دوور بێت لەو هایکو ڕەسەنەی سەد ساڵ پێش ئێستا لە ژاپۆن دەنووسرا)) (پەری، ٢٠٢٣، ٦)، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەموو ژانرێکی ئەدەبی بە پێی قۆناغەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەتایبەت هایکوی ژاپۆنی لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و بەپێی قۆناغەکان و تایبەتمەندیی زمانەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ژیانی سەردەم و کلتور و زمانی نەتەوە جیاوازەکاندا خۆی گونجاندووە، هایکونووسان لە هایکوی مۆدێرندا بەتەواوی پابەندی یاسا کۆنەکانی هایکو نابن، بەتایبەتی لە سیستەمی بزوێندا، هەروەها ناوەڕۆکی هایکو چەندین بابەتی فراوان دەگرێتەوە و بەتەواوی گرێدراوی سروشت نییە، بەڵکو بابەتەکانی هەمە جۆرن، وەک بابەتی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و سیاسی...هتد لەم ڕوانگەیەوە ئێستا باس لە هایکویەک دەکەین، کە دوای چەندین سەدە گەیشتووەتە ئەدەبی کوردی و کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی ژاپۆنییەوە نەبووە، هەروەها زمانی کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و وەکو هەر زمانێکی دیکە خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی، بەمپێیە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لە ناو ئەو هایکویەدا دەبێت کە هایکونووسانی کورد، بە زمانی کوردی دەینووسن، ئەمەش دەیکاتە خاوەنی

ناسنامەی خۆی، کە دەتوانین ناوی بنێین (هایکوی کوردی)، لەمبارەیەوە ملکۆ ئەحمەد دەڵێت: ((لە ئەمڕۆشدا کە زۆربەی گەلانی دنیا هایکو دەناسن و دەینووسنەوە، نەک هەر لە نەخشەی مەرجە کلاسیەکانی هایکو دەرچوون، بگرە لە مەرجەکانی قوتابخانەی "چینکو هایکو"ش دەرچوون و هەر میللەتێک دەیەوێ بۆ خۆی (بینەتەوێنێ) ئێمەی کوردیش دەمانەوێ وەک ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە بیکوردێنین، چونکە فارس فارساندوویەتی و عەرەبیش عەرەباندوویەتی)). (ئەحمەد(ب)، ٢٠١٨، ٥٤).

کەواتە چۆن گەلانی دیکەی جیهان، بۆ نمونە فارس و عەرەب دەستکاری پێکهاتەکانی هایکویان کردووە و لەگەڵ زمان و نەریتەکانی خۆیاندا گونجاندویانە، بە هەمان شێوە گەلی کوردیش وەکو چۆن ژانرە جیاوازەکانی دیکەی لە وێنەی (شانۆ و ڕۆمان)ی لەگەڵ کلتوری خۆیدا گونجاندووە، هایکونووسانیش دەیانەوێت هایکوش وەکو ئەو ژانرانە لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنن، کە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

کەواتە هایکوی کوردی سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا لەگەڵ هایکوی جیهانیدا هاوبەشە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکەشە، کە لە خوێندنەوەی هایکوکاندا دەتوانین دیاریان بکەین، بۆیە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی چەند تایبەتمەندییەکی هایکوی کوردی دەخەینە ڕوو:

1. **گونجاندنی پێکهاتەی بڕگە و دێڕەکان:** هایکونووسانی باشووری کوردستان، هایکوی کوردی بەجۆرێک دەنووسن، کە ژمارەی دێڕەکان لە سێ دێڕ تێپەڕ ناکات و سەبارەت بە ژمارەی بڕگەکانیش هەوڵیان داوە بەشێوەی (٥_٧_٥) بن، یان لەو پێکهاتەیە نزیک بن، زۆربەی هایکوکانیان زیاتر لە ١٧ بڕگەن، واتە بەتوندی خۆیان نەبەستووەتەوە بە یاسا نەریتییەکان، تاکو لەگەڵ زمان و فۆنەتیکی کوردیدا بگونجێت و ناوەڕۆکی هایکوی کوردی نەبێتە قوربانی بڕگەکان، بەڵام لای هایکوونووسانی ڕۆژهەڵات، هایکو دەبێت ١٧ بڕگە یان کەمتر بێت. (نۆڕێ، ٢٠١٩، ٣٤) لەمبارەیەوە سمایل عەزەمی دەڵێت: ((لەم ساڵانەی دوایی کە هایکۆ ئەزمون کراوە، بۆمان دەرکەوتوو کە ئەتوانین بە کەمتر لە حەفدە بڕگەی کوردی هایکۆ بنووسین. هەندێ جار بە بڕگەی زۆر کەمیش هایکۆی سەرکەوتوو نووسراوە)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٧)، لێرەدا سمایل عەزەمی پێیوایە کە زمانی کوردی توانای ئەوەی هەیە کە پێکهاتەی (١٧) بڕگە بپارێزێت، هەندێک جار بە بڕگەی کەمتریش دەقی باڵا بنووسێت، بۆیە لای هایکونووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هایکو دەبێت (١٧) بڕگە یان کەمتر بێت.

   نموونە: زیاتر لە حەڤدە بڕگە:
   باشترین بانکی دنیا بوو،
   بێ پاسپۆرد و بێ ناسنامە:
   _گرێی فەقیانەکەی دایکم_ (عومەر، ٢٠٢٥، ٤٥).
   نموونە: کەمتر لە حەڤدە بڕگە:
   وشەی کەم
   دنیایەکی بەرین؛
   هایکۆ... (محەممەدی، ١٣٩٩، ٦٧).

2. **فرە بابەتی:** هایکوی کوردی تەنیا خۆی بە سروشت یان وەرزەکانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو فرە بابەت و فرە ڕەهەندە و گشت لایەنەکانی ژیان باس دەکات، واتە لەڕووی بابەتەوە هایکوی کوردی هیچ سنوورێکی نییە و هایکونووس ئازادە لەوەی هەر بابەتێک بخاتە چوارچێوەی دەقێکی هایکووەوە، کەواتە هایکوی کوردی خاوەنی ڕوانین و تێگەیشتنی خۆیەتی بۆ شت و دیاردەکان، ((هایکۆی کوردی لە ریفۆرمی خۆیدا هەوڵ بۆ گەڕانەوە و تێگەیشتن لە ناخی شتەکان ئەدات و شێوازێکی روانینی تایبەتی هەیە بۆ خستنەڕووی بابەتەکان)) (عەزەمی، ١٣٩٥، ١٠)، بۆیە هایکوی کوردی خاوەنی جیهانبینیی خۆیەتی و چەندین بابەتی لەناو دەقەکاندا جێگە کردووەتەوە، بۆ نمونە:
   تریفەی مانگ
   لەسەر کلاشینکۆف.
   شەوی کۆبانێ (عەزەمی، ١٢٩٤، ٦٥)

3. **کورتبڕی:** یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هایکو لە هەموو قۆناغەکاندا کورتبڕییە، بۆیە هایکوی کوردی بەتەواوی پابەندی کورتی و چڕییە، بەجۆرێک بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت، چونکە ((زمانی کوردی لەبەر بڕێ تایبەتمەندی کە هەیەتی ئەو توانایە بە هایکۆنووس ئەبەخشێ کە وێنەیەک بە تەنیا بە چەند بڕگە بنەخشێنێ)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٧)، بۆیە توانستەکانی زمانی کوردی، ڕێگە دەدات، هایکوی کوردی، وێنەیەکی ڕەنگین و واتادار، بە کەمترین وشە بگەیەنێت.
   بۆ نموونە:
   کانییەک
   تاپڕێک؛
   ئاسکێکی شەهید (جەلیزادە، ٢٠١٨، ١١١).

4. **سروشتی کوردستان:** شیعری هایکو سروشت وێنا دەکات، هەر چەندە شیعری سروشت نییە، بەڵام بەهۆی سیفەتە کاتی و ئیلهامبەخشەکانییەوە گرنگی بە سروشت دەدات (الدوري، ٢٠١٨، ٢١)، هەرچەندە هایکوی کوردی بەتەواوی خۆی نەبەستووەتەوە، بە وەرزەوشە (کیگۆ)، واتە ئەکرێت لە دەقێکی هایکودا، وەرزەکان و سروشت بونیان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هایکومان هەیە، کە خۆیان بە دیمەنی وەرزەکان و سروشتی کوردستان ڕەنگڕێژ کردووە ،((بڕێ هایکۆ هەن کە لە ناکاو ئەمانخەنە ناوەراستی بەهارێکی جوانی کوردەواری و تێکەڵاوی سروشتمان ئەکەن)) (عەزەمی، ١٣٩٤، ١٩). بۆیە دیمەنی سروشتی کوردەواری و دەرکەوتنی چوار وەرزی ساڵ، بەتەواوی لە هایکوی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە:
   بە کلێتەی بەفر و چۆغەی گیا:
   لەگەڵ بەهار لە ژوانە-
   چیـــــا (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨، ١١).

5. **ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کورد:** هایکوی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەنگ و بۆیەکی کوردانەی هەیە و بە تەنیا خۆی بە بابەتەکانی سروشت و دڵداری خەریک نەکردووە، بەڵکو ناسنامەی گەلی کوردی پاراستووە و گشت لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە گوزارشتی لە ئازار و نەهامەتییەکانی تاکی کورد و ئەو کارەساتانە کردووە کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون، بۆ نمونە:
   بەردەوامی ئازاری شارێک

دەستەوەستانی ئەدەب ــ
تەرپی برینی هەڵەبجە! (نۆری، ۲۰۱۹، ۳٤۲).

6. **گرتنی وێنەی ساتێکی تیژ تێپەڕ:** یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هایکو، گرتنی وێنەی سات بە ساتە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، هەروەها گوزارشتە لە ژیانی زووتێپەڕ (بوکرامی، ۱٤۳۲، ۸)، کەواتە ئەم فۆرمە شیعرییە، پێویستە بە کاتی ئێستا بنووسرێت و وێنەی ساتێکی زووتێپەڕ بگرێت، بەجۆرێک وا دەربکەوێت، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا ڕوو دەدات، بۆیە زۆرجار هایکوی کوردی تیشک دەخاتە سەر گرتنی وێنەیەکی خێرا، هەروەها دەربڕینی ساتێک لە هەستی خۆشی، دڵتەنگی، یان هەر شتێکی دیکە، بەشێوەیەکی پوخت. بۆ نمونە:
فرمێسکی سەربرژانگ،
لە کەوتندایە ــ
دڵۆپە شەونم! (ئەحمەد، ۲۰۲۰، ۵).

7. **هایکوی کوردی، هەوڵدەدات لەڕێگەی توانستە دەوڵەمەندەکانی زمانی کوردی و ئیدیۆم و ئاماژە کلتورییەکانەوە،** وەڵامی شەڕ و نائارامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بداتەوە، کە کاریگەرییان لە ناخی تاکی کوردیش کردووە و لایەنە لەبیرکراوەکانی ژیان، وەک ئارامی و خۆشەویستی بخاتەوە بەرچاوی مرۆڤ، هایکوی کوردی بانگەشە بۆ ئازادی، ئاشتی، پێکەوەژیان و پاراستنی سروشت و بونەوەران، دەکات، بە ئومێدی هێنانەکایەی داهاتوویەکی گەشی دوور لە وێرانکاری. (عەزەمی، سیروان، ۱۳۹۵، ۱۰) بۆیە جگە لە بابەتە جیاوازەکانی هایکوی کوردی، پەیامی مرۆڤایەتی خاڵێکی گەشی هایکوی کوردییە.

8. **سەرسوڕمان:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هایکو ئەوەیە، کە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات، ((لە هایکۆدا، دێڕی سێیەم عادەتەن، خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات، تووشی سوپرایس. واتە لە قەسیدەی هایکۆدا، نادیارو قورسایی دەق، لە دێڕی سێیەمدا، یەخەگیرت دەبێت)) (جەلیزادە، ۲۰۱۷، ۱۱). هایکونووسانی کورد، لە دەقی هایکودا، گرنگییەکی زۆر بە سەرسوڕمان یان واقوڕمان دەدەن، ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییەی هایکویان پاراستووە، لەمبارەیەوە ملکۆ ئەحمەد دەڵێت: ((بۆ دروستکردنی واقوڕمانیش، کەس بەقەدەر ئێمەی کورد، درووستی نەکردووە. باشترین گەواهیش، شایەتیدانی عەرەبەکانە بۆ دەقەکانی من و قوباد و ئەوانی تریش، کە بۆ زمانی عەرەبی وەرمانگێڕاون)) (ئەحمەد(ب)، ۲۰۱۸، ۱۲۰)، ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە کە دەقی هایکوی کوردی دەقێکی بەرزە و توانای ئەوەی هەیە، کە جێگەی خۆی لە ئەدەبی جیهانیدا بکاتەوە، بەتایبەتیش کە (واقوڕمان)ی وەکو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی هایکو پاراستووە، لە هایکوی کوردیدا واقوڕمان یان سەرسوڕمان زۆربەی جار دەکەوێتە دێڕی کۆتایی، بۆ نمونە:
ئاوێنەی سروشتە،
خۆر درزی تێخست؛
شەختەبەند! (محەمەد، ۲۰۲۰، ۳۸).

لە خوێندنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای ئەوەی هایکوی کوردی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هایکوی جیهانیدا هەیە، بەڵام خاوەنی شوناسی خۆیەتی و تایبەتمەندیی زمان و کلتوری کوردی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، هاوکات ڕۆح و کرۆکی هایکوی پاراستووە.

## بەشی دووەم
## هزری کۆمەڵایەتیی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا:

### ۲ــ۱: چەمک و پێناسەی هزری کۆمەڵایەتی:

پێش ئەوەی دەقی ئەدەبی بوونی هەبێت، ناوەرۆک یان بیر لای دەقنووس هەیە و دواتر لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دایدەڕێژێت، کەواتە ((بیر هەوێنی هەموو ژانرێکی (ئەدەب)ییە، چونکە ئەو بیرە کە دروست دەبێت چیرۆک نووسێک دەتوانێت بیکات بە چیرۆک، هەمان (بیر)یش شاعیرێک دەتوانێت بیکات بە شیعر وێنەکێش)ێک دەتوانێت بیکات بە تابلۆیەک واتا هەوێن و خەملاندن و گۆڕین و داڕشتن و خەیاڵاویکردنی ئەم (بیر)ەش لە ئەستۆی نووسەرە بتوانێت بە چ قاڵبێک دایبڕێژێت و بکەوێتە کام خانەی ئەدەبەوە)) (عیسا، ۲۰۰۹، ٤۸)، کەواتە هزر یان بیر بنەمای سەرەکیی دروستبوونی هەر دەقێکی ئەدەبییە و ڕوخسار یان بنەمای هونەریش بەرگی ئەو بیرەیە.

دەقی ئەدەبی بەرهەمی (هزر)ی دەقنووسە، بۆیە هزر و بیروبۆچوونەکانی لەناو دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدەدەنەوە، یەکێک لەوانەش هزری کۆمەڵایەتییە، چونکە دەقنووس لەناو کۆمەڵدا دەژی و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر دەروون و کەسایەتیی هەیە، ئەم گرنگیدانەی دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە، کە لە تیۆرە ئەدەبی میتۆد ڕەخنەییەکاندا، پانتاییەکی فراوان بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکرێت، دەتوانین بڵێین، ((دەستپێشخەرییە سەرەتاییەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەشێوەیەکی میتۆدی ئەو کاتە دەستی پێکرد, کە خاتوو دی ستایل (Mme de Stael) ساڵی کتێبێکی دەرکرد بە ناوی (پەیوەندی ئەدەب بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە) و ئەو بنەمایەی هێنایە ناوەوە،کە دەڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە)) (تاتانی، ۲۰۱۱، ٤۱)، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو، لە پێکەوەگرێدانی دیاردەی ئەدەبی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەدەبی پەیوەست کردووە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها میتۆدی بنیاتگەریی پێکهاتوویی، ئەویش کاتێک سەریهەڵدا، کە ((کۆمەڵێک بیرمەندان و ڕەخنەگرانی مارکسیزم ویستیان نزیکایەتییەک لەنێوان تێزەکانی بونیادگەری بەشێوە فۆرمالیستەکەی لەگەڵ بنەماکانی هزری دیالێکتیکی مارکسیدا دروستبکەن)) (حسەین، ۲۰۰۸، ۱۲۵). ئەم ئاڕاستەیە بە پێچەوانەوەی میتۆدی بنیاتگەری، پێیوایە دەق بە تەنیا سیستەمێکی زمانی نییە، بەڵکو گرنگی بە بنیاتی هزریی دەق دەدات، کە بناغەی دەقەکە پێکدەهێنێت، (لوسیان گۆڵدمان) بە دامەزرێنەری ئەم ئاڕاستەیە دادەنرێت، پێی دەوترێت، بونیادگەری پێکهاتوویی، کە ((لەمیانەی خوێندنەوەی دەقدا دەیەوێت بەدوای ئەو بونیادە زەینییە دەلالەت بەخشانەدا بگەڕێت کە دەقەکە پێکدەهێنێت)) (یاسین، ۱۹۹۹، ۱٤).

کەواتە میتۆدی بنیاتگەری وەکو یەکەیەک یان بنیاتێکی سەربەخۆ لە دەقی ئەدەبی دەڕوانی، واتە لە دەرەوەی دەقی ئەدەبییەوە سەیری دەقی نەدەکرد، بەبێ گەڕانەوە بۆ ژینگە و کاریگەریی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو یەکە زمانییەدا دەکرد، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، بەڵام بنیاتگەری پێکهاتوویی، گرنگی بە دەرەوەی دەق دەدات، واتە لەناو دەقی ئەدەبیدا ئەو کاریگەرییە هزری و کۆمەڵایەتییانە دەدۆزێتەوە، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، هەر بۆیە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، ((ئەو زانستەیە کە لە

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب دەڕوانێت. لێرەدا ئەدەب پابەند دەکرێت بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ١٢٦)، ئەم زانستە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوانیادا هەیە، بۆیە هەر لەو چوارچێوەیەدا لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە و ئەدەب بە ئاوێنەی کۆمەڵ دەزانێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەقی ئەدەبی ((بەپێی تیۆرە ئەدەبی و ئاراستە ڕەخنەییەکان، فرە بنیاتە و بەهۆیەوە چاوەڕوانی ئامانجی گەورەی لێ دەکرێت لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی، دەق لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فراوان هەڵدەستێت، لەبەر سروشتی پەیوەندی ئەدەب بەژیان و مرۆڤەوە)) (مەلازادە، ٢٠٢١، ٨١). کەواتە لەلایەکەوە هزری کۆمەڵایەتی، یەکێک لەو بنیاتە گرنگانەیە کە دەقی ئەدەبی پێکدەهێنێت و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی دەقەوە جارێکی دیکە تیشک دەخاتەوە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پەیامی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت.

بۆیە ((هزری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا چۆن و بە چ شێوەیەک بیر دەکەنەوە و تێڕوانینیان چۆنە بۆ دیاردەکان)) (کەریم، ٢٠٢٣، ٢١٤). لەم ڕوانگەیەوە دەقنووس وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگە بیر دەکاتەوە و خاوەنی تێڕوانین و جیهانبینی خۆیەتی، بنیاتی هزریی دەقەکەش بەرهەمی ئەم تێڕوانینەیە، هزری کۆمەڵایەتیش دەبێتە پێکهێنەر و بنەمایەکی سەرەکی بنیاتی هزریی دەق، بۆیە لەلایەک هزری کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵە و لەلایەکی دیکەوە هەر لەپێناو ئەو کۆمەڵەدا لەدایک دەبێت، ((دەق بەرهەمێکە لە پێناو کۆمەڵگا بەرهەمهێنراوە، توخم و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش بنیاتی دەقی ئەدەبیان پێکهێناوە)) (مەلازادە، ٢٠٢١، ٢٤٤)، کەواتە هزری کۆمەڵایەتی بنیاتێکی سەرەکیی دەقی ئەدەبییە و ناتوانین دەقی ئەدەبی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دابڕین.

## ٢_٢: هزری کۆمەڵایەتیی لە هایکوی کوردیی ناوەڕاستدا:

هایکوی کوردی وەکو هایکوی هاوچەرخی جیهانی، جگە لەو گۆڕانکارییانەی لە فۆرمەکەیدا ڕوویانداوە، لەڕووی ناوەڕۆک و (بنیاتی هزری)یشەوە، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، تەنیا لە چوارچێوەی سروشت و وەرزەکاندا خۆی قەتیس نەکردووە، بۆیە هایکو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، فرەڕەهەند و فرەبابەتە و گشت لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە، یەکێک لەو لایەنانەش (هزری کۆمەڵایەتی)یە، کە خۆی لە چەند لایەنێکدا دەبینێتەوە:

### ٢_٢_١: هەژاری:

هەژاری یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، هەمیشە بە دەردێکی کوشندە دانراوە، هەوڵی لەناوبردن یان کەمکردنەوەی دراوە، هەژاری کاتێک سەرهەڵدەدات، کە مرۆڤ ناتوانێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی دابین بکات، بۆ نموونە خواردن و جلوبەرگ...هتد، ئەگەرچی هەژاری دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، بەڵام زۆربەی کات مرۆڤ خۆی بەرهەمهێنەریەتی، ئەویش لەڕێگەی چەوساندنەوەی ئەوانی تر و نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات، زۆرجاریش سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خزمەتی کۆمەڵێکدا دەبێت، لەسەر مافی چین و توێژەکانی دیکە، ئەمەش جیاوازیی چینایەتی دێنێتە کایەوە و هەژاریی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە (( شاعیر بە حکومی ئەوەی لەناو کۆمەڵدا دەژی ناتوانێت لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دوورەپەرێز بێت، ناچارە هەڵوێست لەبارەیانەوە وەربگرێت)) (ساڵح: ٢٠١٢، ١١٤). هایکوی کوردی کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردییە، دژایەتی هەژاری وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئێسقانەکانم-
بەدەم سەگی هەوشارەوەن،
سەرمایەداری! (نۆڕی، ٢٠١٩، ٣٢٠)

لەم دەقەدا تیشک خراوەتە سەر سیستەمێک، کە تێیدا ژمارەیەکی کەم خەڵک ڕۆژ بۆ ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن و زۆرینەی خەڵکیش هەژارن و بەردەوام ژیانیان قوورستر دەبێت، ئەویش سیستەمی سەرمایەدارییە، لەم سیستەمەدا بەهای مرۆڤ بە قەد بەهای پارەکانییەتی، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەم سیستەمە باڵا دەست بوو، مرۆڤ بە کاڵا دەکرێت و بوونە ڕاستەقینەکەی خۆی لە دەست دەدات، ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای قازانج و چەندێتی و ماددە کار دەکات، ئەم قازانجەش زۆربەی لەسەر حسابی خەڵکی هەژارە، شاعیر لێرەدا ڕەخنە لەم سیستەمە دەگرێت، کە ئەمڕۆ لە جیهاندا باڵادەستە و لەو نێوەندەدا پەلوپۆی گەیشتووەتە کوردستان، پێیوایە بزوێنەری نایەکسانی و هەژارییە، کە وەک (سەگی هەوشار) کە سەگێکی بەهێزە، هەر بە خواردنی گۆشت و خوێنی هەژارەکان ناوەستێت، بەڵکو ئێسقانەکەیشیان دەشکێنێت، بە واتای ئەوەی سەرمایەداری لەسەر خوێن و گۆشتی هەژاران دەژی.

لە گۆڕەپانی کرێکاراندا؛
چاو بۆ مەینەت دەگێڕێ،
یەکی ئایار (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٣١).

گۆڕەپانی کرێکاران، ئەو شوێنەیە کە کرێکاران، ڕۆژانە تێیدا کۆ دەبنەوە، بەمەبەستی ئەوەی ئەو ڕۆژە کارێکیان دەست بکەوێت و تیکەیەک نان پەیدا بکەن، سەرەڕای ئەوەی خاوەنکار، زۆربەی کات مافی کرێکاران بەتەواوی نادات، بەڵام هێشتا کرێکاران خوازیاری ئەوەن ڕۆژانە کاریان دەست بکەوێت، مرۆڤ کاتێک سەرنج لە گۆڕەپانی کرێکاران دەدات، دنیایەک مەینەتی و حەسرەت لەڕووی ئەو کەسانەدا دەبینێت، کە بە دوای پەیداکردنی بژێویدا چەند ماندوون، (یەکی ئایار) کە لە سەرانسەری جیهاندا بە جەژنی کرێکاران ناسراوە، وەکو هێمایەک بۆ ڕێزگرتن لە ماندووبوونی کرێکاران و دابینکردنی مافەکانیان، لە زۆربەی وڵاتان ئەم ڕۆژە دەکرێتە پشوو، بەڵام زۆرجار لەم ڕۆژەدا کرێکاران، خەریکی پەیداکردنی نانن یان بەدوای کاردا دەگەڕێن، بۆیە ئەم ڕۆژە جگە لە دروشمێک هیچی دیکە نییە، بۆیە شاعیر لەم دەقە بەرزەدا، گوزراشتی لە بارودۆخی ناهەمواری کرێکاران کردووە، کە تەنانەت لەو ڕۆژەشدا کە وەکو جەژن بۆیان دانراوە، ئەوان خەریکی مەینەتی خۆیانن، بۆیە سیفەتی بەکەسکردنی داوەتە پاڵ ڕۆژی (یەکی ئایار)، واتە جەژنەکەشیان وەکو مرۆڤێک لە گۆڕەپانی کرێکاراندا، لە نەهامەتییەکانی کرێکاران دەڕوانێت.

نەمەرگ زەفەر
نەمرۆڤ پەی پێ دەبا
دەردی هەژاری (لەشکر، ٢٠١٩، ١١).

شاعیر لەم دەقەدا بە جۆرێک پێناسەی هەژاری دەکات، کە دەردێکە هیچ چارەسەرێکی نییە، جەستەیەک نییە تاکو مردن لەناوی ببات، مرۆڤیش ناتوانێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە (دەرد)ە، دەرد بە نەخۆشییەک دەوترێت کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەستەوسان دەبێت، بۆیە شاعیر هەژاری بە دەرد ناو دەبات، چونکە وەکو هەر دەردێکی تر بە ئازارەوە مرۆڤ لەناو دەبات.

**٢_٢_٢: ژن:**

بەشێوەیەکی گشتی، ژن لە ئەدەبی جیهانیدا، پێگەیەکی بەهێزی هەیە، هەندێک جار وەکو مرۆڤێک باس دەکرێت، کە شانبەشانی پیاو لە کۆمەڵگەدا هەوڵ و ماندووبوونی دیارە و بەشێکی گەورە و گرنگی کۆمەڵگەیە و پێویستە مافەکانی پێبدرێت، زۆرجاریش لەسەر بنەمای جوانی و ڕۆمانسییەت و خۆشویستنە، بەجۆرێک هەموو جوانییەکان دەدرێتە پاڵ ژن، ئەمەش یان وەکو جەستەیەک بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاو، یان وەکو خۆشەویست و عەشق، کە پەیوەندیی جەستەیی و ڕۆحی پێکەوە گرێ دەدات، ئەمەش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیر و کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بۆیە لە شیعری کوردیدا، ((شاعیرانمان جگە لەوەی شیعریان بۆ خاک و نیشتمان، یان ئازادی، یان هەر بابەتێکی تر نووسیوە، لە گەڵ ئەوەشدا لە دەقەکانیدا باسی ژن کراوە و وێنایەکی جوانیان بۆکردووە و وەسفی بەژن و باڵایان کردوون و هەروەها باسی ئەڤینداریشیان بۆ ئەم ڕەگەزە کردووە. دەتوانرێت ئەوە بووترێت، کە ژن لەناو دەقە شیعرییەکاندا پانتاییەکی گەورەی گرتووە و بیگەی ژن و کارەکتەری ژن لە شیعردا زۆر بە جوانی وێنا کراوە)) (عەبدوڵلا و عەبدوڵلا، ٢٠٢٣، ٢٢). ژن لە شیعری کوردیدا، لایەنێکی سەرەکییە، ڕەنگە شاعیرێک نەدۆزینەوە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان باسی ژنی نەکردبێت، ئەگەرچی باسی ژن لە ئەدەبی کوردیدا فرەڕەهەند و فرەلایەنە، بەڵام بەشی هەرە زۆری باسی جوانیی ژنە، (بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی، کەوا پەیوەندی و سۆزی خۆشەویستییان بۆ ژن هەبووە) (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٧٠). ژن لە هایکوی کوردیدا پانتاییەکی گەورەی بۆ دانراوە و گەلێک دەقی بەرز و جوان بۆ باڵای ژن نووسراوە، قوبادی جەلیزادە، کە بە شاعیری ژن ناسراوە دەڵێت:

لێواری دەریا
شوێن پێی ژن؛
پڕ دەبن لە تریفە. (جەلیزادە، ٢٠١٨، ١٨٧).

ژن پانتاییەکی فراوانی لە جیهانبینیی شیعری قوبادی جەلیزادەدا داگیرکردووە، بۆیە لە هەموو جوانییەکدا، ژن یان بەشێک لە جەستەی ژن دەبینێت، ژیان لە شیعری قوباددا بریتییە لە ژن، ئەم جیهانبینییە وای کردووە، کە بە شێوەیەکی فراوان سروشت لەگەڵ جوانییەکانی ژندا تێکەڵ بکات و جوانترین وێنەی شیعری لێ بئافرێنێت، لەم دەقەدا ئەم تێڕوانینە ڕەنگیداوەتەوە، کەناری دەریا، دیمەنێکی سروشتی ڕەنگینە، کاتێک ژنێکیش دێتە کەناری دەریا، هێندەی دیکە دیمەنەکە ڕەنگین دەبێت، شاعیر هێندە تامەزرۆی جەستەی ژنە، تەنانەت لە شوێنپێیەکانیدا، کە لەسەر سینگی لمی کەناری دەریا بە جێماون، ئەوپەڕی جوانی دەبینێت، کە پڕ بوون لە تریفەی مانگ، بۆیە وێنەیەکی هێندە ناسک و جوان دەنەخشێنێ، نەمری بە دەقەکە دەدات.

ژین ئەو کاتەیە
کە تۆ
لە دڵی ژێنکدا بمری..! (ئەمین، ٢٠٢٠، ٢٤).

لەم دەقەدا شاعیر ژیان بە خۆشەویستی و جوانی ژنەوە دەبەستێتەوە، پڕە لە هەستی خۆشەویستی پیاو بۆ ژن، چونکە خۆشی و چێژ بەشێکی سەرەکین لە بنیاتی بوونی مرۆڤ، جا ئەم چێژ و خۆشییە جەستەیی بن، یان ڕۆحی، بۆیە لەڕوانگەی پیاوەوە چێژ و خۆشی و ئاسوودەیی دەروونی بەبێ ژن بەتەواوی بەدەست نایەت، چونکە ((هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئافرەت بە ترۆپکی خۆشیی و شادییەکانی بگات. ئافرەت و ڕەهەند و لێکەوتەکانی جوانیی ئافرەت گەورەترین پێگەی لە پێکهاتەی خۆشی و شادییەکانی مرۆڤ پێکهێناوە، بە شێوەیەک کاریگەرییەکی فراوانی لە سەر لایەنی ڕۆحی و هزریی مرۆڤ دروست کردووە)) (فەتاح، ٢٠٢٢، ١١٣). هەر بۆیە هایکونووس ژیان بە هەموو خۆشی و شادییەکانیەوە بە خۆشەویستیی ژنێکەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە هەر کەسێک لە دڵی ژنێکدا نەبێت، ئەوا ژیانی نییە، لێرەدا مردن لە دڵی ژنێکدا، واتایەکی ئەرێنی هەیە، بەو واتایە دێت، کە بەشێوەیەک بچێتە دڵی ژنێکەوە، کە هەرگیز دەرتنەکات و توانای دەرچوونت نەبێت.

گۆمێکی مەنگە،
پروشکی ماچ دەیشڵەقێنێ:
چاڵی گۆنا! (محەمەد، ٢٠٢٠، ١١).

لەم هایکووەدا هایکونووس دیمەنێکی جوان دروست دەکات، کە چاڵی گۆنا، وەکو گۆمێکی مەنگ دەبینێت، کە بەهۆی ماچەوە دەشڵەقێت، لێرەدا زۆر لێهتووانە توانراوە، لێکچوون و لێکنزیکی لەنێوان هەردوو دیمەنەکەدا دروست بکرێت، سەرەتا دیمەنی گۆمێکی مەنگ دەبینین، پاشان گۆمەکە جوڵەیەکی تێدەکەوێت، لە کۆتاییشدا (چاڵی گۆنا) بەمەش خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات، کە تایبەتمەندیی هایکووی سەرکەوتووە، بەمشێوەیە سینۆگرافیایەکی جوان دروست دەکات.

**٢_٢_٣: دایک:**

دایک ئەو مرۆڤە بەسۆز و میهرەبانەیە، کە هۆکاری هاتنە دنیای منداڵە، دایک پێگەیەکی گەورەی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە جگە لە ئەرکی بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵ، ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵیشی لە ئەستۆدایە، بۆیە لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەعریفییەکاندا، جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بووە، ئەدەبیش وەکو کایەکی مەعریفی و ئامرازێکی گرنگیی گوزارشتکردنی هزر و دەروونی مرۆڤ، بایەخێکی زۆری بە باسی دایک داوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەمیشە بە چاوێکی بەرز و پڕ بەها سەیری دایک کراوە، بۆیە دەبینین ((دایک لە ئەدەبیات و کەلتووری کورددا – لە ئەفسانە و حیکایەت و پەندی پێشینان و داستان و پەند و باڵۆرە و شیعردا – ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە)) (شەورۆ و سلێوە ،٢٠١٩ ، ٩٤). دایک لە ئەدەبی کوردیدا، لە هەموو قۆناغەکان و لەناو هەموو جۆرە ئەدەبییەکاندا ئامادەیی هەیە، دایک لە شیعری کوردیدا پانتاییەکی گەورەی بۆ دانراوە، هایکوی کوردیش وەکو فۆرمێکی نوێ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بە گرنگی و بایەخەوە لە پێگەی دایکی ڕوانیووە و چەندین دەقی بۆ نەخشاندووە.

ڕەنگی پەمەیی گوڵ فریوی دا،
لەسەر ڕوومەتی دایکم نیشتەوە؛
پەپولە (کەریم ، ٢٠١٨، ١٠).

گوڵ هێمای جوانی و ناسکی خۆشەویستییە، ڕەنگی پەمەییش یەکێکە لە ڕەنگە ناسکەکان، ڕوومەتی دایک، هێمای جوانی و سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانییە، لە جوانیدا هەروەکو گوڵی پەمەییە، پەپولە زیندەوەرێکی جوان و بێزیانە، هەموو کاتێک هێمای ئارامی و ئاسوودەیی و جوانییە، شەیدای گوڵی جوانە، بەردەوام لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ ئەفڕێت، بۆیە لێرەدا هایکونووس، هێندە ڕوومەتی دایکی لەلا جوانە، پێیوایە کە پەپولە لەسەری دەنیشێتەوە، بەمشێوەیە لە تێکەڵکردنی جوانی سروشت و جوانیی دایک، دەقێکی جوان و بەرزی نەخشاندووە، کە کاریگەریی خۆشەویستیی قووڵی دایک دەردەخات.

پێنجەم وەرزی ساڵە؛
پڕە لە بارانی میهر-

دایک (عەلی ئاغا، ٢٠١٨، ٩)

ساڵ چوار وەرزە، بەڵام لە دێڕی یەکەمدا هایکونووس دەڵێت: (پێنجەم وەرزی ساڵە؛) ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، بەتاسەوە چاوەڕێی ئەوە بکات، ئایا مەبەست لە پێنجەم وەرز چییە، لە دێڕی دووەمدا، (پڕە لە بارانی میهر) وەسفی ئەم وەرزە دەکات، باران هێمایە بۆ خۆشەویستی و جوانی و بوون و ژیان، بەڵام (بارانی میهر) هێندەی دیکە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، میهر سیفەتی مرۆڤە، بەڵام هایکونووس دەیداتە پاڵ بارانی ئەو وەرزە، کە وەرزی پێنجەمە، هێشتا خوێنەر هەر چاوەڕێیە تاکو بزانێت، ئەم وەرزە چییە، کە وا ئەم بارانە پڕ میهرەی هەیە، لە کۆتایی دەقەدا خوێنەر وەڵامێکی سەرسوڕهێنەری دەست دەکەوێت، کاتێک دەڵێت: (دایک)، واتە دایک هێندە میهرەبان و بەسۆزە، ناتوانرێت لە چوار وەرزی ساڵدا جێگەی بکرێتەوە، بەڵکو ئەو بۆخۆی وەرزێکی تایبەتە، کە پڕە لە بارانی سۆز و میهر، چۆن باران زەوی دەژێنێتەوە و ژیانی پێدەبەخشێت، بارانی خۆشەویستی و پڕ میهری دایکیش بەردەوامی و ژیان بە ڕۆڵەکانی دەبەخشێت.

لە خەمی بەشمان نادات

دڵی بۆ بەردیش دەسووتێت

دایکم! (گەردی، ٢٠٢١، ٥٨).

دایک هێندە میهرەبانە، هەرگیز ئامادە نییە، خەمی خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکانی بەش بکات، لە هەمان کاتدا دڵی بۆ هەمووشتێک دەستوێ و میهرەبانی بۆ هەموو شتێکە، چونکە ((دایك ئەو سینە پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و پشت و پەنایەیە، کە هەردەم منداڵەکانی لە هەموو نەهامەتییەکانی ژیان دەپارێزێت. دایك بەشداری لە خۆشییەکانی زارۆکان دەکات و ئازار و ناخۆشێکانیشیان تا بۆی بلوێت لەبرێتی ئەوان لە خۆی بار دەکات)) (موکریانی، ٢٠٢٣، ٦)، بۆیە هایکونووس لەم دەقەدا ئەوپەڕی میهرەبانی دایک دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەک سەرەتا وەسفێکی بێوێنەی کەسێکی میهرەبان دەخاتەڕوو تاکو لای خوێنەر جۆرێک لە چاوەڕوانی دروست بکات و لە کۆتاییدا دەڵێت ئەوە دایکمە.

## ٢_٢_٤: شاعیر و هونەرمەندانی کورد:

شاعیران و هونەرمەندان بەشێکن لە کۆمەڵگە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە کایەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەیە، بۆیە هەمیشە لای ئەندامانی کۆمەڵگە جێگەی شانازی بوون، بەتایبەتی شاعیران بە چاوێکی پڕبایەخەوە سەیری شاعیرانی پێش خۆیانیان کردووە، زۆر جار بە بەرهەمەکانیان کاریگەر بوون و لەناو دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، زۆرجاریش وەک ڕێز و وەفایەک بۆ ئەو خزمەتەی کردوویانە لە شیعرەکانیاندا ناویان هێناون، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، ئەوا چەندین شیعر دەبینین، کە شاعیران لە وەسفی شاعیرانی دیکەدا نووسیوانە، لە هایکوی کوردیدا، باسی شاعیران و شانازیکردن پێیانەوە ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بووەتە بابەتێکی دیکەی هایکوی کوردی.

(نادیە کەریم)ی هایکونووس، یەکێکە لەو هایکونووسانەی، کە یادی شاعیران و هونەرمەندانی کردووەتەوە و شانازییان پێوە دەکات، بۆیە چەند دەقێکی هایکووی بۆ نووسیون، بۆ نمونە:

بەیانیان لەگەڵ زەنگی خۆر،

سروودی ئەی ڕەقیبم بۆ دەڵێ؛

دڵدار! (کەریم، ٢٠١٨، ١١٢)

لێرەدا هایکونووس شانازی بە (دڵدار)ی شاعیرەوە دەکات، کە خاوەنی سرودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)ە، سرودی ئەی ڕەقیب هەمووو کاتێک زمانحاڵی بەرخۆدان و بەرگری و هێمای مانەوەی گەلی کورد بووە، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا شانازی پێوەدەکرێت، بۆیە لەم دەقەی (نادیە کەریم)دا هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی و وەفا و نیشتمانپەروەری دەبینرێت، چونکە بەیانی هێمای ڕۆژێکی نوێ دەستپێکی ژیانە، بۆیە هایکونووس بەر لە هەر شتێک بیری لای سرودی (ئەی ڕەقیب)ی دڵدارە، هەموو بەیانییە لەگەڵ گزنگی خۆردا (دڵدار)ی شاعیر ئەم سرودەی بۆ دەڵێت، هەروەها شاعیر لە هایکویەکی دیکەدا، وەسفی دەنگ پڕ سۆز و دڵنشینەکەی (تایەر تۆفیق) دەکات:

لەگەڵ دەنگی دڵ،

تەریب میوزیک دەژەنێ؛

دەنگی تایەر. (هەمان سەرچاوە، ٦٥).

هایکونووس باسی دەنگە پڕ سۆزەکەی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) دەکات، (دەنگی دڵ) هێمایە بۆ سۆزی قووڵ و هەستە ناوەکییەکانی هایکونووس، تەریب میوزیک دەژەنێ، بە واتای ئەوەی دەنگی هونەرمەند، لەگەڵ سۆز و هەستی شاعیردا تێکەڵ دەبێت، ئەو دەنگەش دەنگ و سۆزی (تایەر تۆفیق)ە.

تریفەی مانگە،

لە دەیجوری شەوی یەڵدا-

شیعرەکەی نالی! (مەلاڕەحمان، ٢٠٢٠، ٥٠).

لەم دەقەدا هایکونووس یادی نالی شاعیر دەکاتەوە، کاتێک وەسفی شیعرە بەناوبانگەکەی نالی دەکات، (تریفەی مانگە،) هێمای ئومێد و ڕوناکییە لەوپەڕی نائومێدی و تاریکیدا، (دەیجوری شەوی یەڵدا) دەیجور تاریکترین شەوی ساڵە، یەڵداش درێژترین شەوی ساڵە، بۆیە شاعیر تاریکترین و درێژترین شەو لە شەوێکدا کۆ دەکاتەوە، بەڵام (شیعرەکەی نالی!) کە باسی شەوی یەڵدا دەکات، وەکو تریفەی مانگە، لەم شەوە تاریک و درێژەدا.

بەم شێوەیە دەبینین هایکونووسانی کورد شانازی بە شاعیران و هونەرمەندانی هاوزمانی خۆیانەوە دەکەن، بۆیە ناوەڕۆک و بابەتی دەقەکانیان فرە ڕەهەندە، زۆر بابەتیان کردووەتە کەرەستەی هایکووەکانیان، بۆ ئەم بابەتەش کۆمەڵێک هایکوی جوانیان نەخشاندووە.

## ٢_٢_٥: ڕەخنەگرتن لە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی:

شاعیران وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە، هەروەها بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیرییان، جگە لەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیانداوەتەوە، لە هەمان کاتدا دژایەتی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگەیان کردووە، هەمیشە هەوڵیان داوە چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بکەن و ڕووبەڕووی دابونەریتە ناپەسەندەکان بوونەتەوە، چونکە ((شیعر و هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە تیشکدەرەوەی ژیانە، ژیان بە قووڵی و فراوانییەوە، بە خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و شکستەکانییەوە)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ١١٤). لە شیعری کوردیدا گشت لایەکانی ژیان ڕەنگیداوەتەوە و هەمیشە شیعری کوردی، ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆیی بەجێگەیاندووە، بەتایبەت شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردی، چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی نادادی و دواکەوتوویی بووە و شیعر هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و شاعیران لەم ڕێگەیەوە هەوڵیانداوە، پەنجە بخەنە سەر ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە، بە ئامانجی ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو باشتر ئاڕاستە بکەن، هایکوی کوردی

وەکو فۆرمێکی نوێ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، دەستی خستووەتە سەر ئەو دیاردانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، هایکونووس (سەردار نۆریێ)، یەکێکە لەو هایکونووسانەی کە دژایەتی ئەم دیاردانە لە هایکووەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و پەیامی خۆی لەڕێگەی هایکووەکانییەوە خستووەتە ڕوو:

قەسابێکم بە قەمەیەکەوە،
بۆ هەڵاهەڵاکردنی-
عەقڵیەتی بۆگەن! (نۆریێ، ٢٠١٩، ٣٢١).

شاعیر لەڕوانگەی تێگەیشتن و بیروبۆچوونی خۆیەوە دژی ئەو دیاردانە دەوەستێتەوە، کە بە بڕوای ئەو بوونەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگە و ئەو بە بیری کۆنەپەرستی و بۆگەن ناویان دەبات، بۆیە لەو دیاردانە تووڕەیە و پێنووسەکەی خۆی بە قەمەیەک دەزانێت و بەڵێنی ئەوە دەدات بۆ لەناوبردن و هەڵاهەڵاکردنی ئەو عەقڵیەتانە بەکاری بهێنێت، هایکونووس تەنیا دژی دیاردەکە نییە بەڵکو دژی ئەو عەقڵیەتەیە کە بەرهەمهێنەری ئەو دیاردانەیە، بۆیە پێیوایە تەنیا بەرپەشەکێشکردنی ئەو عەقڵیەتانە دەتوانین بەرەوە پێشەوە بچین.

هەروەها (عەلی ئەمین)ی هایکونووس لە دەقێکی هایکودا دەڵێت:

ڕۆشنایی دەگواستەوە
درایە بەر دەستڕێژ
کتێب..! (ئەمین ٢٠٢٠، ٩٩).

هەرچەند هایکونووس لەم دەقەدا، پێمان ناڵێت کام کتێب و لەلایەن کێوە دراوەتە بەر دەستڕێژ، بەڵام تێکڕای دەقەکە گوزارشت لە دواکەوتوویی و نەبوونی ئازادی دەکات، کاتێک کە وەڵامی پێنووس و نووسین بە گولە دەدەنەوە و کاتێک ڕێگە بە بیروبۆچوونی جیاواز و فرەڕەنگی نادەن، بۆیە پێیوایە کە کتێب ڕۆشنایی دەگوازێتەوە، شیاوی ئەوە نییە بەتوندوتیژی وەڵامی نووسەرەکەی بدرێتەوە، یان کتێبەکەی بسووتێنرێت، لە تێکڕای هایکوکەدا دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە نووسەر خولیای ئازادییە و دژایەتی توندڕەوی و بیری کۆنەپەرستی دەکات، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و ئازاد لەوەدا دەبینێت کە تێکڕای ڕەنگەکان تێیدا ئازاد بن و بتوانن گوزارشت لە هزر و بیروبۆچوونی خۆیان بکەن.

سروشتی داری هەیە،
کلکی لەخۆیە بۆ بڕین-
کورد! (جەبار، ٢٠١٩، ١٨٠).

ئەم دەقە تەوزیفکردنی ئەو پەندە کوردییە، کە دەڵێت: (دار دەڵێت: تەور کلکی لە خۆم نەبێت، نامبڕێ)، ئەمە یەکێکە لەو پەندانەی هەموو کاتێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆ ئەو کەسانەی کە دژی خاک و گەلی خۆیان بوون بەکارهاتووە، بۆیە هەر کاتێک کەسێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دژی براکەی یان هاوزمانەکەی بووبێت، ئەم پەندەیان بەرامبەری بەکارهێناوە، بۆیە هایکونووس بەشێوەیەکی جوان، پەندەکەی تەوزیف کردووە و بۆ ئەو واتایەی کە خۆی مەبەستییەتی بەکاری هێناوە، کە بریتییە لە خۆخۆری و دژایەتی و دووبەرەکیی کورد، واتە هەموو کاتێک خۆمان دوژمنی خۆمان بووین، بۆیە هەمیشە چەوساوە و داگیرکراو و ژێردەستە بووین، لێرەدا پەیامی هایکونووس، پەیامی برایەتییە و دژی دووبەرەکیی کۆمەڵگەیە.

## ئەنجام

1. هایکو ژانرێکی شیعری ژاپۆنییە، هایکوی کلاسیکی خاوەنی چەند یاسایەکە، دەبوو هایکنووس پێیانەوە پابەند بێت، بۆ نموونە: حەڤدە بڕگە، سێ دێڕ، وەرزەوشە، بڕین، ساتەکی...هتد
2. هایکو بووەتە ژانرێکی شیعری جیهانی، ئێستا لە هەموو جیهاندا دەنووسرێت، هایکوی هاوچەرخ پابەندی مەرجە کلاسیکییەکانی هایکوی ژاپۆنی نییە و هەر گەلێک لەگەڵ زمان و کلتووری خۆیدا گونجاندوویەتی.
3. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا فۆرمی کورتیلەشیعر بەشێوەیەکی فراوان نووسراوە و چەندین زاراوەی جیاوازیی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام فۆرمی هایکو درەنگ دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەدوای دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردی لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە، ئەم فۆرمە شیعرییە بەشێوەیەکی فراوان دەنووسرێت و شاعیران شارەزای تەکنیک و تایبەتمەندییەکانی هایکو بوون.
4. هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیدا، بنەمایەکی سەرەکیی بنیاتی هزریی هایکوی پێکهێناوە، بەجۆرێک هایکوی کوردی توانیویەتی ئەرکی کۆمەڵایەتیی خۆی ببینێت.
5. هزری کۆمەڵایەتی لە هایکوی کوردیدا، فرەڕەهەندە و چەندین لایەنی گرتووەتەوە و هایکونووسان دیاردە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان کردووەتە کەرەستەی دەقەکانیان.
6. هایکوی کوردی خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و ژینگە و سروشتی کوردستان تێیدا ڕەنگیانداوەتەوە، هزری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە ناسنانەی هایکوی کوردی دیاری دەکات.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

### ١_ کتێب:

ئازەر، شەویار گولابی (٢٠٠٨)، با با چیتر نەتانخوسێنێ، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی هەژار، سنە.

ئاکرەیی، شەماڵ (٢٠١٠)، ژستاڤکێن دوهی و ئەڤرو، یەکێتی نوسەرانی کورد، دهۆک.

ئەحمەد(ب)، ملکۆ (٢٠١٨)، هایکو لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ئەحمەد، ملکۆ (٢٠٢٠)، زیخ دانە دانە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمد، (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

ئەمین، عەلی (٢٠٢٠)، هایکووە پاییزییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال.

بێرتلسن، تۆرڤاڵد (٢٠٢٣)، شووشەیی مانگ، جوڵەی سێبەر، وەرگێڕانی ئالان پەری، چاپی یەکەم، وەشانی نووسیار، دانیمارک.

تاندا، سانتۆکا (٢٠١٧)، شوێنێک دەدۆزمەوە بۆ مەرگ، وەرگێڕانی هەرمان وەتمانی، ناوەندی جاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.

جەلیزادە و ئاغالە، ڕۆستەم و قوباد (٢٠٠٨)، خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، شیعر و هێڵ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

جەلیزادە، قوباد (٢٠١٧) هایکۆکانی قوباد، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران.

جەلیزادە، قوباد (٢٠١٨)، بەردێک دەگرمە کیسەڵێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

چیایی، عیسا (٢٠٠٥)، لەژێر ئاسمانی شیعردا (وەرگێڕان)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
حسەین، عەلی تاهیر (٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩)، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
سابیر، جەبار (٢٠٠٧)، هایکۆ، تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم.
سابیر، ڕەفیق (٢٠١٧) ، ئەویننامە، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.
سابیر، ڕەفیق (٢٠٢٢)، لە دونیای گوڵاندا: گوڵبژێرێک هایکوی یابانی و باسێک لەبارەی هایکو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
سالح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
شەوڕۆ و سلێوە، فازیل و هاوژین، (٢٠١٩)، دایک لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، چاپی یەکەم، چاخانەی سارا، سلێمانی.
عومەر، مەهدی فاتیح (٢٠٢٥)، گریێ فەفیانەکەی دایکم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
عیسا، هاوژین سلیوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
عەبدوڵڵا، پەری (٢٠٢٢)، چرۆی وشە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
عەزەمی، سمایل (١٣٩٤)، تریفەی مانگ لەسەر کلاشینکۆف، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
عەزەمی، سمایل (١٣٩٤)، گوڵەستێرەی خەواڵۆ_حەفتا هایکۆی کوردی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
قەطوس، بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
کەریم، نادیە (٢٠١٨)، تەزبیحی قەزوان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٠٧)، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکوی ژاپۆنی،؟.
گەردی، سامان (٢٠٢١)، زەنگیانە، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
لەشکر، قارەمان (٢٠١٩)، هایکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
محەممەدی، ئیقباڵ (١٣٩٩)، فرمێسک نییە، چاپی یەکەم، بڵاوگەی هەژان، سەقز.
محەمەد، هاڤان (٢٠٢٠)، گەردانەی مێخەک، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
مەلاڕەحمان، محەمەد (٢٠٢٠)، دەنکی هەنار، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی.
مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢١)، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
نوڕێ، سەردار (٢٠١٩)، کەوتنەخوارەوەی مەراق، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی نووسیار، تاران.
وەلەدی، عەتا (٢٠١٧)، گۆرانی شینیی ژنی چەڵتووکچن، ناوەندی جاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
یاسین، عوسمان (٢٠٠٩)، بونیادگەری پێکهاتوویی لوسیان گۆڵدمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

## نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

عەبدوڵڵا، بەڵێن ئەحمەد (٢٠٢٣)، وێنەی شیعری ژن لە نموونەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
فەتاح، ڕزگار عومەر (٢٠٢٢)، جوانیناسیی ئافرەت لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.
محەمەد، شاخەوان فەرهاد (٢٠١٣)، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، بەنموونەی دەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

## گۆڤار و ڕۆژنامە:

ئەحمەد، ملکۆ (٢٠١٨)، هایکو، ڕەگ و چەکەرە و پەرەسەندنی، گۆڤاری هایکیست، گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە (١).
جەبار، دیار (٢٠١٨)، دۆسێیێ دەق، گۆڤاری هایکیست، گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە (١).
عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا، کانیاو بەکر و شوانە نوری، (٢٠٢٣)، ژن لە ئەدەبی کوردیدا- دیوانەکانی (ڕەنگدان، ملوانکە)ی "شێرکۆ بێکەس" بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی (٨)
عەزەمی، سمایل (١٣٩٥)، هایکۆ، وێنەیەکی کاتی لە ژیان، حەفتەنامەی سیروان، ساڵی هەژدەهەم، ژمارە (٩١٩).
عەلی ئاغا، سۆران (٢٠١٨)، دۆسێی دەق، گۆڤاری هایکیست گۆڤارێکی ئەدەبیی ڕەخنەییە، یانەی هایکوی کوردی دەریدەکات، ژمارە(١)
کەریم، ئارەزوو ئەزوەر (٢٠٢٣)، بنیاتی هزری لە شیعرەکانی (نەجات ئەسپیندارەیی)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٦)
موکریانی، کوردستان (٢٠٢٣)، پێگەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی ناوی تۆ ئیمزای منە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٥٣).

## بە زمانی عەرەبی:

### کتێب:

بلعلى، امنة (٢٠١٤)، خطاب الانساق، الشعر العربي في المطلع الالفية الثالثة، الطبعة الاولى، موسسه الانتشار العربي__بيروت.
الدوري، حمدى حميد (٢٠١٨)، شعر الهايكو الياباني و امكانياته في اللغات الاخرى، طباعة الاولى، دار الابداع للطباعة و النشر و التوزيع، صلاح الدين، العراق.
الصلهبي، حسن (١٤٣٧هـ)، صوت الماء، مختارات الابرز شعراء الهايكو الياباني، كتاب الفيصل، دار الفيصل الثقافية، الرياض _السعودية.
يوتسويا، ريو (1432هـ)، تاريخ الهايكو الياباني، الترجمة: سعيد بوكرامي، الكتاب المجلة العربية، عدد (١٧٥)، الرياض__ السعودية.

### رسالة ماجستير:

الشوية و معطى الله و نصرات، الشيماء و ايمان و فؤاد (٢٠٢٣)، الابعاد الفنية والموضوعاتية في القصيدة الهايكو المجموعة الشعرية لـ لخضر توامة "انموذجا"، رساله الماجستير، جامعة الشهيد حمه لخضر-الوادي، الجزائير.
نورة و اية، بومطرق و خشاب (٢٠٢٠)، التجريب فى شعر الهايكو، قراءة فى تجربة الاخضر بركة، رساله الماجستير، المركز الجامعي عبدالحفيظ بوالصوف لميلة، جزائير.

### المجلة:

احمد، ملكو (٢٠٢٢)، بنية صورة المركبة في الهايكو العربي و الكردي، مجلة جامعة كرميان، المجلد (٩)، العدد (٢).

## بە زمانی ئینگلیزی

### کتێب:

Addiss, Stephen (2012), The Art of Haiku, Its History Through Poems and Paintings by Japanese masters, First printing, Shambhala Publication INC, Boston & London.
Buchanan, Daniel C. (1976), One Hundred Famuos Haiku, Selected and Translated into English, Fourth printing, Japan publications INC, Tokyo and San francisco.